# پـــــــارێزگای سلێمانی

**کۆدی پرۆژە** [( SUL. G. ( 3341 )] **ساڵی** 2023

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی (کراوە)**

## بۆ پرۆژەی: دابین کردن ودانانی ( 3 ) ترومپا وماتۆر بۆ پرۆژەی ئاوی دوکان-سلێمانی هێڵی ( 2 )

**پـــــارێزگای سلێمانی** بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا کان دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە، سەردانی بینای پـــــارێزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ ب.گریَ بەستەکان/ فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی، بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبـــەر (300.000) سێ سەد هەزار دیناری عێراقی کە ناگەرێتەوە بۆ کۆمپانیا. کرێی بلاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە پرۆژەکەی بۆ ئەسپاردە دەکرێت .

1- فرۆشتنی تەندەر لە رۆژی (22 / 11 / 2023 ) دەست پێ دەکات تا رۆژی (5 / 12 / 2023 ) لەکاتژمێر (9) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر (12) ی نیوەرۆ .

2- رۆژانی گەراندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (10 / 12 / 2023 ) کاتژمێر (10:00) ی پێش نیوەرۆ دەبێت .

3- رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە هەمان رۆژی ( 10 / 12 / 2023 )دەبێت دوای داخستنی سندوقی تەندەر کاتژمێر (10) ی پێش نیوەرۆ لە پارێزگای سلێمانی/ بەشی گرێبەستەکان.

4- ئەگەر رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر بوو بە پشوی رەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت، ئەوا یەکەم رۆژی دەوامی دوای پشوەکە دەبێتە رۆژی کردنەوەی تەندەر.

5- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.

6-ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە (450) چوار سەدو پە نجا رۆژ رۆژی رۆژمێری ) .

7- پێویستە لەسەر کۆمپانیا پابەندی رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ (2) ی ساڵی (2016) بێت.

8- پێویستە لەسەر کۆمپانیا هەموو برگەکانی کتاب العطاء پربکاتەوە .

9- پێویستە کۆمپانیا وێنەیەك لە ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن بۆ ساڵی 2023.

10- پێویستە بەرێوەبەری رێگە پێدراو ی کۆمپانیا واژۆ بکات یان کەسێکی رێگە پێدراو ( تخویل ) بەنوسراوی فەرمی دیاری بکات .

11- پێویستە کۆمپانیا وێنەیەك لە پشتگیری بەرێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان بهێنن کە پشتگیری کراون بۆ ساڵی 2023.

12- پێویستە کۆمپانیا بریاری رەزامەندی دامەزراندنی کۆمپانیا پێشکەش بکات کە هاوپشکەکانی کۆمپانیای تێدا دیاری کراوە .

13- کۆمپانیا بارمتەی یاسایی پێشکەش بکات بە بری (42.000.000) چل ودوو ملیۆن دیناری عێراقی بە (چەکی پەسندکراو) یان (خطاب ضمان) بۆ ماوەی (148) رۆژ لە بەرواری داخستنی سندوقی تەندەر

14- مەرج نییە پرۆژەکە بۆ کەمترین نرخ ئەسپاردە بکرێت .

15- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (120) سەدو بیست رۆژە لەدوای بەرواری داخستنی سندوقی گەراندنەوەی تەندەر.

16- دوای داخستنی سندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپارێزی ( تحفظ ) کاری لەسەرناکرێت و رەت دەکرێتەوە.

17- پارێزگای سلێمانی مافی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی تەندەری هەیە پێش دەرچونی نوسراوی سپاردن .

18- پێویستە کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

19- پێویستە کۆمپانیا لە کاتی نەگەراندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن ( اعتذار ) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەراندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

20- پێوستە کۆمپانیا لە کاتی گەراندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ (email) و ژمارەی تەلەفۆنی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات .

21- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیارو روونکردنەوەیەك لەسەر دەرخستەی پرۆژەکە دەتوانێت سەردانی بەرێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی بکات.

22-کۆمپانیاکان بۆ هەر پرسیارو روونکردنەوەیەك لەسەر بەڵگەنامەکانی ستاندەردی ئەم پرۆژەیە سەردانی بەرێوەبەرایەتی گرێبەستەکانی پارێزگای سلێمانی هۆبەی چاودێری وراهێنان /کاروباری تەندەر بکات.

### ((مەرجەکانی بەشداری کردن))

1- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە ناوخۆییانەی کە بەشداری دەکەن پێویستە پلەی پۆلێنکردنیان لە پلە ( 1-3 ) بێت، وەپێناسی پۆلێن کردنیان پێبێت کەلە (وەزارەتی پلاندانان) ی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوبێت و بەرواری بەسەر نەچووبێت وە هەروەها کاری هاوشێوەی هەبێت یان بروانامەی دامەزراندنی کۆمپانیایان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبێت وە هەروەها کاری هاوشێوەی هەبێت.

2- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێوستە دامەزراو بن بە پێی یاسا لەناو عێراقدا و لەفەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لەوەزارەتی بازرگانی – حکومەتی ئیتحادی و /یان لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لەهەرێمی کوردستان کە بەشێوەیەکی بنەمایی (اصولی)تۆمار کرابن وەهەروەها کاری هاوشێوەی هەبێت .

3- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشدار دەبن پێوستە دامەزراو بن بە پێی یاسا لەدەرەوەی عێراق و بەشێوەیەکی بنەمایی تۆمار کراوبن یان لقیان هەبێت لە هەرێمی کوردستان وەهەروەها کاری هاوشێوەی هەبێت.

تێبینی :

1-کۆمپانیا پێش کرینی تەندەر بۆی هەیە سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات .

2-بودجەی پرۆژەکە لەسەر بودجەی وەبەرهێنانی وەزارەتی گەشتوگوزار بۆ ساڵی 2022 وە بەردەوامی هەیە بۆ ساڵی 2023.

ئەحمەد عەلی ئەحمەد

جێگری پارێزگاری سلێمانی

وێنەیەك بۆ

- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریاری/ گە نجینەی 2/ سلێمانی /بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن .
- بەرێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی /بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن .
- بەرێوەبەرایەتی گرێبەستەکان /کاروباری دارایی/فرۆشتنی تەندەر بۆ کاری پێویست.
- بەرێوەبەرایەتی گرێبەستەکان / کاروباری یاسا / کاروباری تەکنەلۆجیای زانیاری بۆ ئاگاداریتان.
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئاگاداریتان.
- ماڵپەری www.slemani.gov.krd / پارێزگای سلێمانی بۆکاری بلاوکردنەوەی .
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر تەندەری پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی (0533193973) وە بکەن لە پارێزگا / کاروباری تەندەر

| | | | |
|---|---|---|---|
| ل. ئامادەکردنی تەندەر | ل. چێکی تەندەر | ل.کاروباری تەندەر | بەرێوەبەری گرێبەستەکان |